# مەلا بەختیار وەکو میوانی سێیەم ... فایەق سەعید

faiekk@hotmail.com



بەڕێز مەلا بەختیار وەکو میوانی سێیەم لەبەرنامەی دیداروگفتوگۆی کەنالی کوردساتی ڕۆژی 13 دیسامبەردا بەشداری گفتوگۆکانی کرد. کاک بەختیار پێدەچوو قسەو ئاخاوتنەکانی کاک توانا پچێک تویەی کردبێ، بۆیە هەندێک لەوانەی لەدلیدابوو خستیەیوو. من لەم وتارە کورتەمدا تەنها لەسەر دوو شت دەدوێم.

کاک بەختیار پێی وایە لە کوردستاندا دیموکراتی هەیە بۆیە ڕوو لەکاک توانا دەکاو دەلێ کێ ڕۆژێ لەڕۆژان ڕێگەی لەهاولاتی گرتووە، کەی وتارەکانی توانا سانسۆر کراون.. ... هتد

من لەوە دلنیان کاک بەختیار زۆر بەباشی لەدیموکراسی تێدەگاو دەزانێ پایەکانی دیموکراسی چین. بەلام من نازانم بۆ خۆی لەو باسە دەشارێتەوەو دیموکراسی لەڕۆژنامەی هاولاتی و وتارە سانسۆرنەکراوەکانی توانا و دەرچوونی هەندێ ڕۆژنامەی دیکەدا کورت دەکاتەوە. ئەمە کەی دیموکراسیە. لەچەندین ولاتی نادیموکراسیدا چەندین ڕۆژنامەی بەئازادی دەردەچن و کەسیش ئەو ولاتانە بەدیموکراسی دانانێت. دیموکراسی زۆر لەوە مەزنترە کە کاک بەختیار باسی دەکات.

دیموکراسی دەقاودەق ئەو شتەیە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان نایکەن. ئەو شتانەن کەچەندین سالە جەماوەر لەو دوو حیزبە داوای دەکەن و ئەوان ئامادە نین لەبەر بەرژەوەندی و ناکۆکی خۆیان پیادەی بکەن. کاک بەختیار باش دەزانێ هەلبژاردنی ئازاد لەبەر ڕۆشنایی ڕەخساندنی دەرەفەتێکی یەکسان بۆ هەموو کارەکتەرەکانی ناو کۆمەلگا یەکێکە لەکۆلەکەکانی دیموکراسی. بەلام لەماوەی چەندین سالی ئەزموونی کوردیدا چەند هەلبژاردنی لەو بابەتەمان سازکرد؟ بۆ سازمان نەکرد؟ ئەو بارودۆخە پەرلەمانیەی کەئێمە هەمانبوو پێی دەگوترێ دیموکراسی؟

بنەمایەکی دیکەی هەرە گرینگی دیموکراسی دابەشکردنی دەسەلاتە لەنێوان سێ دەسەلاتی یاسادانان، ڕاپەیاندن و دادوەری یا قەزاییدا. بەدامەزراندنی یەکەمین دەسەلاتی یاسادانان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کورسییەکانیان دابەشکرد و شەیی ناوخۆیان هەلگیرساندو هەریەکەو حکومەتێکیان بۆخۆیان دروستکردو ئەو لەتە ولاتەی هەمانبوو کردیان بەدوو لەتەوە. ئەگەرچی من پێم وایە تاوەکو ئێستاش هەردوولا لەهۆکاری ئەو بارودۆخە نەکۆلیونەتەوەو کەسیان دانیان بەهەلەکانیاندا نەناوە کەمەرجێکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، بەلام لەگەل ئەوەشدا من نامەوێ بچمە سەر ئەو تاقیکردنەوە تالە، بەلام دەلێم کام دەسەلاتانە لەکوردستاندا دابەشکراون. کاک بەختیار باش دەزانێ تا دەسەلات دابەش نەکرێ و تا میللەت دەرەفەتێکی بۆ نەیەخسێ بۆ ئەوەی لەڕێگەی دامەزراوە مەدەنیەکانی خۆیەوە کار بکاتە سەر دەسەلات، ناکرێ بوترێ دیموکراسیمان هەیە. من کارم بەسەر ئەوەوە نیە بیانیەک سەردانی کوردستان دەکات و پێیان دەلێ لە کوردستاندا دیموکراسی هەیە.

ئەوەی لەکوردستاندا هەیە ناوی دیموکراسی نیە بەلام پەراوێزی ئازادییە. هەرگیز نکولی لەوە ناکەم هەندێ ئازادیمان هەیە کەلەزۆر ولاتانی ناوچەکەدا نیە، بەلام هێشتا ئەمە دیموکراسی نیە. لەناو سیستمێکی دیموکراسیدا کورسیەکانی پەرلەمان دابەش ناکرێ بەلکو خەلک هەلیدەبژێرێ. هەرکاتێ جەماوەر بەئازادی هەلبژاردنی نەکرد ئەوە دیموکراسی نیە.

خالێکی دیکەی کاک بەختیار ئەوەبوو ئەویش وەکو هەر سەرکردایەتیەکی دیکە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی کردەوە بەترساندن و تۆقاندنمان. ئەم دوو حیزبە لەو دەمەوە کەراپەبین کراوە هەمیشە زراوی جەماوەریان بەوە بردووە کەمەترسیمان لەسەرە بەبێ ئەوەی شتێکمان لەو مەترسیانە بۆ ڕوون بکەنەوە. لەو بەرنامەیەدا پێی لەسەر هەندێ شت دادەگرت کەگوایە مەترسی گەورەن و ئەوان وەکو حیزب ئاگادارن لێیان. هەندێ لەو مەترسییانە لەوە بێگومانم کەڕوو نادەن بەلام حیزب هەمیشە پێویستی بەوەیە دووبارەیان بکاتەوە. بۆ نموونە هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان یەکێکە لەو مەترسیانەی باسی دەکەن، بەلام لەبەر زۆر هۆی مەنیقی کەلێرەدا جێگای باس نین، ئەگەری ڕوودانی یا نیە یا یەکجار کەمە.

ئەگەر مەترسی هەیە بۆچی بۆ جەماوەری ڕووناکەنەوە بۆ ئەوەی جەماوەریش پشتگیریتان لێبکات و چیتر ڕەخنەتان لێ نەگرن. سالەهای سالە باس لەو مەترسیانە دەکەن و باسی هیچیش ناکەن. من شکم لەقسەکانی کاک بەختیار نیە کەئەوان

هەندێ زانیارییان لاهەیەو دەرک بەهەندێ مەترسیش دەکەن، بەڵام جەماوەر چۆن بزانن راستە مەترسی هەن و چەندیش لەوانە مەترسی راستەقینەن. بەداخەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوونەتە خاوەنی کولتورێکی پتەو لەشت شاردنەوە لەجەماوەر. بۆ نموونە لەوتەی رژێمی عیراق رووخاوە ئەوان گفتوگۆ دەکەن بەبێ ئەوەی پرسێ بەجەماوەر بکەن نیازی چییان هەیە و بیاری چی دەدەن. هەموو گفتوگۆکان بنهێنی بووەو لەجەماوەریان شاردۆتەوە، ئەوەشی ئاشکرابووە ئەوە لەیێگەی راگەیاندنی غەیرە کوردییەوە بووە چونکە هەندێ جار شتیان بۆ کەناڵە عەرەبیەکان ئاشکرا کردووە بەڵام ئەو متمانەیەیان بەرۆژنامە کوردییەکان نەبووە. بۆیە حیزبەکان هەمیشە لەهەوڵی ترساندنی خەڵکدا بوونەو دیانەوێ هەموو جەماوەر نەیەخنە بگرن و نە لەقسەی ئەوان دەربچن بەو هۆیەی کەگوایە ئەوان هەندێ شتیان لەلا هەیە کەجەماوەر ئاگایان لێی نیە.

ئەم جۆرە مەنتیقە زۆر لاوازەو توانای ئەوەی نیە لەبەرامبەر قەڵەمی رەخنگرانەی جەماوەردا خۆی رابگرێ. گەر دەتانەوێ جەماوەر بیواتان پێ بکات دەبێ هیچ نەبێ لەشتە چارەنووسازەکاندا دیالۆگیان لەگەڵدا بکەن و دەسەڵاتیان لەگەڵدا دابەش بکەن، پرس و رایان پێبکەن و هیچ نەبێ تۆزێک لەو مەترسیانەشیان لەلا بدرکێنن. چونکە هەندێک لەو مەترسیانە بەیۆژی ئاشکرا لەمیدیاکاندا باس دەکرێن بەڵام هێشتا لەلای حیزبەکان هەر بەنهێنی لەقەڵەم دەدرێن.

ئەم دەرەفەتەش دوا دەرەفەتە بۆ حیزبەکان کەبتوانن دلسۆزی و سەروەری و زرنگی خۆیان بسەلمێنن.

قسەکردن لەگەڵ کاک بەختیاردا زۆر خۆشترە ئەگەر وەکورۆشنبیرێک دەست بکاتە گفتوگۆ نەک وەکو سەرکردایەتی حیزبێک، چونکە ئەودەم گفتوگۆکان پانتاییەکی گەورەتر و خۆشترن داگیردەکەن.